سەرکی پارتی و شاندەکی وەزارەتی دەرەوەی قەتەر کەبوونەوە



ڕۆژی شەممە 25ی ئایاری 2024 لە سەلاحەددین مەسعود بارزانی سەرکی پارتی پێشوازی لە شاندەکی وەزارەتی دەرەوەی قەتەر کرد کە پێکهاتبوو لە ئەحمەد بن حەسەن ئەلحمادی ئەمینداری گشتیی وەزارەتی دەرەوەی قەتەر و سوەتان بن موبارەک ئەلکوبەیسی باڵیۆزی قەتەر لە عێراق و حوسێن بن علی ئەلفەزالە کونسوڵی گشتیی قەتەر لە هەولێر.

بارەگای بارزانی بەاویکردەوە لە دیدارەکەدا بیروڕا لەبارەی بارودۆخی سیاسیی ناوچەکە و هەڕەشە و ئاڵنگارییەکانی بەردەم سەقامگیریی ناوچەکە ئاڵوگۆڕ کرا و سەرۆک بارزانی ئاماژەی بەوەدا کە باشترین ڕێگە بە چارەسەرکردنی گرفت و بنبەست و ئاڵوزییەکان گرتنەبەری شێوازی دیالۆگ و دووركەوتنەوەیە لە شەڕ و کاولکاری.

هەر لەو دیدارەدا جەخت لە گەشەی پێیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی قەتەر لە بوارەکانی گەشتیاری و ئابووری و ئاوەدانی کرایەوە.